

# کامەران موکری و چیرۆکی کوردی

● نووسینی: أکرم قەرەداخی ●

زۆربەی زۆری خوێندەواران کامەران موکری تەنها وەك شاعیرێکی هەڵکەوتو ئەناسن، بەڵام لە ڕاستیدا کامەران لە چیرۆکی کوردیش دا یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لەم بوارەدا جێگایەك داگیرئەکات.

کامەران لە ساڵەکانی ٥٢، ٥٣، ٥٧ دا پێش ئەوەی وەك شاعیرێك بناسرێت، وەك چیرۆك نووسێك دەرکەوت، ڕژێمی ئەوسای وڵات، وزەبرو زەنگی کاسەلێس و چلکاو خۆرانی ڕژێمی پاشایەتی کارێکی زۆریان لەسەر توانست و بەهرەی نیشتمان پەروەران و خەباتکەران هەبوو، بە شێوەیەکی وا کە هەر جموجوڵێك بۆنی گەل ویستن و ئازادی لێ بهاتایە، ئەوا هەرچی چەرمەسەری و دەردی ڕوژگارو بەندی هەیە چاوەڕێی خاوەنەکەی ئەکرد. کامەرانێك کە لەو کاتانەدا وەك گەنجێکی باوەر بە خۆو بە گەل و نیشتمان هاتبووە کۆری ژیانەوە، بەوژیانە چەرمەسەری، چەوساندنەوەو پێشێل کردنی مافە قایل نەبوو، هەموو ئاواتێکی کردبووە ئەوەی خۆری سەربەستی لە دەم کەلی وڵاتەوە سەردەبێنێت و کۆمەلانی ڕەش و ڕووت ئاهێکی حەسانەوە هەڵبژێن، لەبەرئەوە دوچاری هەموو زەبروزەنگەکانی ئەو دام و دەسگایەبوو، ناچاری دەستی لە خوێندن هەڵگرت و چەندان جار لە کونجی بەندیخانەکاندا توندبوو لاپەرەی ژیانی ئەو سەردەمەی کامەران لاپەرەیەکی هەرە ئەخشاوەی بەرزە لە مێژووی خەباتکەران و ئازاد یخوازانی وڵاتەکەماندا، هەر بەو گیانەوە لەو ساڵانەدا کە هێشتا بەهرەی شیعری وەك کانیاوێکی بەخوور نەتەقیبووەوە، وەك نووسەری چیرۆك لەسەر لاپەرەی تاقە ڕوژنامەکەی کوردستان «ژین» دەرکەوت. خوێندنەوەی چیرۆکەکان بە تەواوی ئەوە ئەگەیەنن کە ئەگەر کامەران لە ڕیبازی چیرۆك نووسین دا بەردەوام بوایە، لەو بروایەدام ئەمرۆ لە ڕیزی هەرەپێشەوەی چیرۆك نووسانمان دا دەبوو.

چیرۆکەکانی کامەران وەك زۆربەی زۆری چیروکی پەنجاکانمان ڕاستەوڕاست پاش داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ ئەو گۆڤارەی کە بە ڕاستی دەورێکی هەرە بەکارو دیاری هەیە لە پێش خستنی ئەدەبەکەماندا و چیرۆکیش تایبەتی، ئەخشی هەول و خەباتی بەشە ڕۆشنبیرەکە دەکات بۆ دەرخستنی بارو ژیانی کۆمەلی کوردەواری ئەو سەردەمە، لەو ساڵانەدا کۆمەلە نووسەرێك وەك چیرۆك نووس هاتنە مەیدانەوە، وەك أمین محي الدین هاوارو علي عەتارو محمد صالح دیلان وکاوس قەفتان و محرم محمد أمین، کە هەریەکەیان بە چەند چیرۆکێك لە ڕوژنامەی ژین دا دەرکەوتن، ئەگەرچی لە ناو ئەمانەدا محرم محمد أمین ولەپاشترا د. کاوس قەفتان وەك دوو شۆرەسواری ئەم مەیدانە دەرکەوتن، بەڵام لەو ساتانەدا چیرۆکەکانی کامەران بە تەواوی شەقلی بەهرەی چیرۆك نووسی و تیا ئەدرەوشایەوەو چیروکەکانی مەسەلە کۆمەلایەتیەکانی قولتر گرتبوە باوەش.

ڕەنگە لە لایەنی فۆرمالیزمەوە چیرۆکەکانی کامەران وەك زۆربەی زۆری چیروکەکانی ئەو سەردەمە، هیچ گۆڕانێکی لە هونەری چیرۆك نووسی کوردیدا بەرپا نەکردبێ و یا نەیتوانیبێت شێوازو

لایەنی تەکنیك و بابەتی هونەری ئەو سەردەمە پەرە پێ بدات و لەولا هونەریانەی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاویژ دوورکەوێتەوە، بەڵام لە ناوەرۆکدا چەند لایەنێکی بە پێزو پڕ لە بیری وردی خۆماڵی بەرزیان تێدایە.

کامەران لەو سەردەمەدا باوەشی بۆ کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵ کردبووەوەو هەستی قوڵی نەتەوەیی، لە ژێر تیشکی گێچەڵە سەرەکیەکانی مرۆڤایەتی سەردەمدا ئەبیزواند، بۆیە وەك ڕۆشنبیرێك ئامانجی سەرەکی پیشاندانی بارە ناهەموارەکەی ژیانی کۆمەڵەکەو مەبەستی گشتیشی تێکرا هەوڵدانی شلەقاندنی گۆمی مەنگی بارە رامیاریەکەی ئەوکاتەبوو بە شێوەیەك کە لارەسەنگ بێت و هەناسەیەکی تۆخەی بچێتە گەرو ڕەشاییەکەوە، ئەم هەستە قوڵەی کامەران، لە گەلێك لەو چیروکانەیدا دەردەکەوێت، ئەوەتا لە چیرۆکی ئەم ئنسانانە« ژین ١١١٤، ١١/ایلول/١٩٥٢تا ١١١٦» نموونەی بێدەرەتانی و هەژاری و دەستەوسانی خێزانێك ئەگێڕێتەوە کە چۆن بە تەنها لە دێیەکی چۆڵکراودا ماونەتەوە، خێزانەکە بریتیە لە کاك زۆراب و خاتوونی خێزانی کە خەریکی مناڵ بوونە، لەولاشەوە سەگەکە یان چەند ڕۆژێکە وەك ئەوان هیچی نەخواردوە ولە برساندا ئەلورێنێ. ئەم خێزانە کلۆلە چارەڕێی لەدایك بوونی مناڵێك ئەکەن کە ها ئێستا یا ساتێکی دیکە لەدایك ئەبێ، بێ ئەوەی هیچ پێداویستیەکی ئەم لەدایك بوونە شك بەرن، هەر لە مامانەوە تا پارچە پەڕۆیەك کە پێی داپۆشن، ئازار زۆر بۆ ژنە دێنێ، وبە دەم ئازارەوە گیان ئەداو ئەمرێ، ومناڵێکی ساوا لەدایك ئەبێ، کاك زۆراب بەدیار لاشەی ژنەکەیەوە دائەمێنێ، ومناڵە ساواکەش بێ هیچ یارمەتیەك لەو ناوەدا دەکەوێت، تا لەو ساتانەدا پیاوانی ئاغا دێنە ژوورەوە، داوای سەرانەو ملکانە دەکەن، لەم گێرمەو کێشەیەدا مناڵەکە لە ژێر پێلاوەکانیاندا ئەپلیشێنەوە..

دەرخستنی لاپەڕەیەکی ڕەشی وا تاریك لە ڕۆژگارێکی وادا نموونەی ئەدەبێکی ریالیزمی ڕەخنەگرانەیە، کە نووسەر ویستویەتی پەردەی لە سەر هەڵبداتەوە، ولە ئەنجامیشدا ڕەخنە لە ڕژێمەکە بگرێت، و لە دەلاقەی پیاوانی بەکرێگیراوی ئاغاوە ئەڕوانێتە هەموو بەکرێگیراوە گەورکانی ڕژێمەکەو بە نموونەیەکی سەردەمەکەیان دائەنێ.

ئەو نموونەیەش بە یەکێك لە دەها نموونەی دیکەی کۆمەڵە دواکەوتووەکەی دادەنێ، گرنگی ئەدەبەکەی کامەران لەوەدایە کە تەنها لە بواری قالبی ریالیزمی ڕەخنەگریدا نامێنێتەوە، بەڵکو بە گیانێکی شۆرشگێریەوە بۆ مەسەلە کۆمەلایەتیەکان دەچێ، ئەو لەو بڕوایەدا بوو، کە سەرخانەکانی کۆمەل، دەتوانرێت تێك وپێك بدرێن و سەرلەنوێ بینا بکرێتەوە، بینایەکی وا کە هەرگیز هەڵتەوەشێتەوە، ئەو جیاوازیە چینایەتیە ش کە لە ژێر دەستی دەرەبەگێتیدا هاتوتە کایەوەو چەوساندنەوە بۆتە پێخۆری بەردەوامی بە یەك بوون و هەولی کۆمەلی هەلدەوشێت و نامێنێت، ئەوەتا لە کۆتایی چیروکەکەدا بە زمانی کاك زۆرابەوە دەڵێ: !! نەگریان و نەپارانەوە.. نە ئاخ هیچیان ئەوەندەی تۆسقالێك لەم ژیانە ناگۆڕن، لە قەلای زۆرداری کەل ناکەن، تەنها تێکۆشینە، تێکۆشینە کە جۆری ژیان بگۆرێت، وبە دەستێکی پۆلایین بدات بە سەر تەپلی سەری سزاو زۆرداریدا، سوێندم بەو دەمو چاوە پلیشاوەیە، تا ئەمرم تێکۆشم بو لەناوبردنی ئەم زۆرداریە برسیکەرەو روخاندنی هەرچی پشتیوانو یاریدەدەرو داو دەنگیانە.

ئەم هەستە قوڵەی نووسەر تەواو پێچەوانەی ڕێبازە کافکاویەکانە کە بەزین و کولدان دەکەن قالبی کەساتی چیرۆکەکانیان و شۆڕدەبنەوە بەناو کێشە خودیەکانی خۆیانداو پشت دەکەنە گێچەلە گشتیەکان، چونکە ئەوە تا جارێکی دیکە کامەران بە زمانی کاك زۆرابەوە، کێشە کە سیەکە تێکەل بە کۆمەلەکە دەگات و داوای گۆڕینی بارو دۆخە ناهەموارەکەی ئەو سالە ڕەشانەیان لێ ئەکات و ئەلێت: بە کۆمەل... پێویستە بە کۆمەل تێبکوشین و بە کۆمەل لەناویان بەرین، جارێ هەموو هەول بدەین، بە جارێ بیان فەوتێنین.

ئەم بانگەوازە کۆمەلایەتیە، پر لە هەستی بەرزی نیشتمان پەروەری و گیانی خەبات زادەی کامەران دەردەخەنە، کە لەو ساتانەدا چۆن دەرکی بە چارەسەرەکە کردوەو دەستەوسان دانەنیشتوەو نەبویستوە تەنها کەساتی چیرۆکەکەی بە پەککەوتەیی و سەرشۆری بهێلێتەوە بەڵکو گیانی نەبەزین و تێکوشانیان ئەکاتە بەر، بەو هیوایەی کە ئەو ژیانە چەرمەسەریەی دووچاری بوون، تەمی کۆیلەتیەیان پێ برەوێنەو، چونکە کۆمەلێکی کشتوکالی وەك کۆمەلی کوردەواری لە سەرەتای پەنجاکاندا، گەورەترین ئاواتی بەرەوێنەوەی تەمی چەوساندنەو کۆیلەتی جووتیاران و بەرەوێنەوەی تەمی چەوساندنەو ڕەشاییەکە بوو لە ژێر دەستی دەرەبەگ و دام و دەستگا پلیشێنەرەکاندا..

هەموو پلەبازیەکانی ژێرخان وسەر خانەکانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی چۆن یەتی هۆکانی بەرهەم هێنانەو هەموو بارێکی کۆمەلایەتی لە سەر بارە ئابووریی یەکەی کۆمەڵ بەندە، هەر بەو پەیوەندیەش کە سانی کۆمەڵ ڕەفتار دەکەن.

یا لە چیرۆکی - نانی سیلاوی‌دا ژین ١١١٩ - ١٩٥٢/١/١٦ منداڵێکی هەژاری بێدەرەتان وێنە ئەگرێ کە لە کۆلان بۆ دایکی ئەگری لە برساندا، دایکیش لە تاقی بەیانیەوە چووە بۆ نەخۆشخانە چونکە مێردەکەی نەخۆشی سیلە ولە نەخۆشخانە کەوتووە، هەموو ئێوارەیەك دایکە دێتەوە پاش ئەوەی نان و خۆراکی پاشماوەی خەستەکان دێنێتەوەو دەرخواردی خۆی‌و منالەکەی دەدات، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە ئەو خۆراکە لای نەخۆشە سیلاویەکانەوە دێنێت ئەوەش کارێکی خراپە چونکە بە ئاسانی ئەو نەخۆشیەیان بۆ دەگوێزێتەوە. ئەو ئێوارەیە منال هەر چاوەڕێی هاتنەوەی دایکی دەکات بۆ ئەوەی وەك ئێوارەکانی دیکە خۆراکەکەی بۆ بهێنێتەوە، بەڵام دایك زۆری پێ ئەچێ، وتارێك دادێت هەر دیارنی‌یە، لە پاشدا کە دێتەوە هیچ خۆراکێکی پێ نی‌یە، چونکە باوکی منالەکە مردووە، ئەم لایەنە، کە نموونەیەکی ڕاستەقینەی ڕۆژگارە تاڵەکە بوو. کامەران بە زەقی دەیخاتە بەردەم ڕژێمەکەو تاوانباری دەکات، کە ئاکە هۆی سەرەکی هەرئەوە، وەك چەپۆکێکی ئازاراوی دەیکێشێت بەڕوویاندا.. لە هەمان کاتدا کۆمەلانی خەلکی بێ هۆشیا ئەکاتەوە لە بارە ناهەموارەکەی ژیانیان لەو سەردەما هۆشیار دەکاتەوە، ئەگەر هاوکێشەکانی کۆمەڵ بە سروشتی برۆن، بۆ دایك ناچاری هێنانەوەی نانی سیلاوی دەبێ، تووش بوونی پیاوەکەش بە نەخۆشی سیل،

پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانەتاڵەکەیەوە هەیە، چونکە نەخۆشیەکە، «ماکی لەناو هەژارو بێدەرەتاناندا ئەروێنێت و گەشە دەکات و و چنگی لە بینیان گیردەکات تا دەمرن، لە چیرۆکی «کۆنەرە خەڵوزێك»دا ژین ١١٢٤ «١٩٥٢/١٠/٢٠ تا ١١٢٨» دیسانەوە

پەردە لە ڕووی ئازارو چەرمەسەری خەلکە هەژارەکە هەڵدەداتەوە. کە چۆن بە دەست ئاغاو پیاوانیەوە قەلاچۆ ئەکرێن، ئەوە تا لە دۆلێکی قولی کپ دا، لە ناو ڕیزە چیایەکی سەرکەشدا کۆمەلێك لە

پیاوانی ئاغا کەوتوونەتە گیانی جووتیارێکی گەنج و بە قامچی پشتی داغان دەکەن، چونکە ڕازی نەبووە لە گەلیاندا بێتە جەردە خەلکی ڕووت کاتەوە، وازی لێ ناهێنن تا دەیکوژن، هەروەها پیاوانی ئاغا، ئاگر بەرئەدەنە ماڵی مام حسن چونکە ڕازی نەبووە خانمی کچی

بدات بە ڕەسولی داوێن پیسی پیاوی ئاغا، ولە ئەنجامدا منالێکی ساوای تیا دەسوتێن و خانوەکە دەروخێنن بە سەریاندا...

کامەران بەم وێنە فۆتۆگرافیە ڕیالیزمەی ئەو سەردەمە ویستیەتی بەرگی هوشیاری وبیرکردنەوە وڕاچەنین بکاتە بەر ئەو خەلکە

هەژارەی لە ژێر ئەو چەپۆکە گەورانەدا ئەناڵێن، وا یان لێ بکات شارەزای برینەکانیان بن و هەولی سارێژکردنی بدەن، ئەوەتا لە کوتاییی دا بە ناوی مام حسن ئەوە دەڵێ: پەنا بەرینە بەرکێ، بێ گومان ئەبێ هەر پەنا بەرینە بەر میللەت، بەر تێکوشان،

تێکوشانێکی خوێنین». بە لای منەوە ئەم دەربڕینە، کرۆکی مەسەلەی پلەبازیە کۆمەلایەتیکە دەبەستێتەوە بە هەولی چارەسەریەوە، کە ئەمەش بۆ ڕوون بینی‌و دووربینی‌و باوەری پتەوی کامەران دەگەڕێتەوە.

لە چیرۆکی «لەبیابانێکدا» ژین ١١٣٩ - ١١٤١ ٥/٣/١٩٥٢ - ١٩٥٣/٣/١٩ مەسەلەی خۆگرتن وئارام ودان بەخۆداگرتن و نەبەزین کۆڵ نەدانی گیانی پارمەتی دەردەخات کە چۆن گەنجێکی عەرەب کە ناوی «محمد» بیابان دەگرێتە بەرو بە دوای خۆشەویستەکەیدا وێلە،

وسەدان چەرمەسەری ودەردی برسێتی‌و تینویەتی ئەچێژێت و کولنادات و چۆن ئەو کەمە ئاوەی پێەتی، ئەبدات بە ژنێك کە بە هۆی گێژەلوکەی ئەو بیابانەوە ون بووە، و لە پاشدا خۆی لە تینواندا

دەمرێت، کامەران ویستیەتی لە ڕێگای هێمای «بیابان»ەوە ڕێگای تارێك و ڕێبازی خەبات و ڕۆژگاری چەرمەسەری دەربخات، و «محمد»یش گەنجێکی خۆگرتوی نەبەزە کە سەر شۆڕناکات و بێ پەروا ڕێگا دبڕێت، «ئاو»یش هێمایەکە بۆ دەستی پارمەتی‌و

خونەویستن و خوێنەخت کردن، «خوشەویتیش»، هیمای گەل و نیشتمان و بروا پتەوەکانە، بەلای منەوە ئەم چیروکەش، ئەگەرچی

زورتر قالبی پە خشانیکی ئەدەبی گرتوە بە یەکێکی دیکە لە چیروکە سەرکەوتوەکانی کامەران دا دەنرێت.

لە «هێـــزی ئاشتی» ش دا «ژین ١١٤٥ - ١٩٥٣/٤/١٦» چەرمەسەری شەری گیتی دووەم دەگێریتەوە چون چنوکەکانەو ناحەزانی مروڤایەتی ئاگری شەریان بەرپاکرد، کومەلانی خەلك بە جاریك داوای ئاشتی دەکەن، وکوتری ئاشتی ئەکەنە هیمای داواکاریەکانیان، کامەران ئەم چیروکەی لە قالبیکی پەخشاندا دارشتوەو بەرگیکی شیعری کردوە بە بەردا، ئەم شیوازە شیعری‌یە تەنها بەم چیروکەوە دیارنی‌یە بەکلو سەرتاپا هەموو بەرهەمەکانی.

کامەرانی گرتوتەوە، هەر لەم لایەنەشەوە چیروکی «مانگ و دلیکی بە-سەزمان»«ژین ١٣٣٦ ١٩٥٧/٣/١٤» دەنوسیت، ولاپەرەیەك هەلئەداتەوە لەسەر پیلەبازیە چینایەتیەکەو دوو لایەنی زەق پیشان دەدات، کچیکی هەژاری کلول، کە شەو خەریکی کلاو دوورینە، تابەیانی، بو ئەوەی پارە کوبکاتەوەو بیدات بە کراسیك

بیکاتە بەری‌و دەستگیرانەکەی ببینیت، لایەنیکی دیکەی، دەستگیرانەکەی کە بەم کچەی رابواردوە، لەبەرئەوەی کچی هەژارەو کچانی هەژار شیاوی ئەوە نین خیزانی کورانی سامانداربن، خەریکی گواستنەوەی بووکە، چیروکەکە رومانیسەت و جورە سوزیکی تایەتی تیدایە، بە تایەتی تەواوبوونی کراسەکە، کە چون هاوینەیەو بو ئەو وەرزە ناشیت و روژی گواستنەوەی بووك لەلایەن «نەوزادی»ی دەستگیرانی «نەسرین» واتە کچە هەژارەکە..

کامەران لەم بوارەشەوە ویستیویەتی پەرە لە سەر ئەو لایەنە کومەلایەتیە هەلبداتەوە، کە هەژارانیش خاوەنی دلن، بویان هەیە خەلکیان خوش بویت و دلداری بکەن، چون چینەکانی سەرەوە بە چاویکی نزم ئەروانتە ئەو کچە هەژارانەوەو وەك داردەست و فەراموش کەری خویانیانی دەزانن..

زمان لە گشت چیروکەکانی کامەراندا رەوانە ورەوانبیژیەکی جوانی تیایە، گوردیەکی بی گری یەو لە زور لایەنەوە توانیویەتی پر بە پری رووداوەکان وەك وینەگریکی کارامە دەربخات ئەوەتا لە «بیابانیکدا» دەلی:

«وەك کلپەی دوای پیتو بکوژینەوە، روژئاوا کلپەی ئەسەند، گری بە هەموو لایەکدا بلاوئەکردەوە، وتیشکە وەك تیری ئاگرینەکانی ئەچەقانە سەر سنگی بیابانی سوتاو ئاسوی بیابان و ئاسمان؛»
یا لە «ئەم ئنسانانەدا» ئەلی:

وەك کومەلە لاشەیەك کە دالو گورگ تیریان لی خواردبی ئەو کوخە داروخاو نزمو ناریکانە لە ژیر پەردەی رەشی شەودا بە کومەل لە دولیکی کپی بی کومەل بوبوون» یا لە «کوتەرە خەلوزیك دا» دەلیت: «لەناو باوەشی چەند کەژیکی لوت بەرزا لە کاتیکدا روژ هیشتا هەر لە خوکوتاندا بوو تا خوی بگەیەنیتە لوتکەو هەلیت.. لە دولیکی قولا...

دوور لە ئاوایی ئەو بەسەزمانەیان سزا ئەدا...»
لە کوتایی‌دا تەنها ئەتوانم ئەوە بلیم

کامەران بە هەموو مانایەکی وشە کوری میللەتەکەی بوو، چ لە ریگای دەربەدەری‌و گرتن و دوورخستنەوەو خوپیشاندانەو وتارە بەرزەکانی، چ لە ریگای شیعرە ئاگریناویەکانی کە گیانی راپەرین و نەبەزینی ئەکردە پیخوری تیکوشان، چ لە هەموو نووسین و چیروکەکانیا.. بە هەموو پیوانەیەك ولە ژیر نوکی خامەی هەموو لیکولینەوە، یەك دا

دەیلیمەوە کامەران کوری میللەت بوو، لەدایك بوو، ژیا.:. وبی دەنگ سەری نایەوە، بەلام یەك توسقال ئازارەکانی ئەم گەلەی هەرگیز لەبیر نەچووەوە،